شرح حال رجال ایران

ئەوە 6 بەرگ کتێبی پڕلاپەڕەی فارسییە، کە ناوە تەواوەکەی بریتییە لە: *"شرح حال رجال ایران در قرن 12 و 13 و 14"* و شێوەی قامووسێکی زانیاریی سەبارەت بە خەڵکان (بەگشتی پیاوانی) سیاسەتی ئێران لەو 3 سەدەیەی کۆچیدا هەیە.

لە ڕاستیدا من هەموو ئەو بەرگانەم نەخوێندۆتەوە و تەنیا وەک سەرچاوەیەک لە کاتی پێویست و بۆ ناسینی کەسایەتییەک کەڵکم لێ وەرگرتوون. بە گشتی، ژیننامەی زوربەی زۆری بەڕێوەبەر و حاکم و وەزیر و وەکیل و کاربەدەستی هەمەچەشنەی حکوومی لە ناوچەی جۆربەجۆری ئێران و لەوان، کوردستان، کرماشان و ئازەربایجان؛ یا خەڵکی ئەو ناوچانە کە لە پێتەختی تاران سەرەپەتێکیان بە دەست بووبێت، لە کتێبەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە و وێنەی زۆریشیان لەوێدا چاپ کراوە. بۆ نموونە، حەسەن عەلی خانی ئەمیر نیزامی گەڕووسی (بەرگی 1، لاپەڕە 359 تا 367 ؛ بەرگی 4، لاپەڕە 178)؛ شێخ عوبەیدیللای نەهری (ب. 4، ل. 115)؛ لوتفعەلی میرزا(کێشکچی باشی) ناسراو بە شازدە کە لە سەردەمی شۆڕشی شیخ عوبەیدیللا دا حاکمی سابڵاغ بوو و ویستی هەمزاغای مەنگوڕ بگرێت (ب. 4، ل. 131)؛ میرزا عەلی نەقی کوردستانی (آصف اعظم) (ب. 5، ل. 167) و....

ئەو ناوانەی وا ناوچەی بۆکان بگرنەوە لە کتێبەکەدا زۆر نین. بەڵام لە بەرگی 1 دا لە هەمزاغای مەنگوڕ دەدوێت (لاپەڕي 460)؛ لە بەرگی 2، لاپەڕە 326 تا 335 دا باسی عەزیزخانی سەردارکولل دەکات. بەرگی 6، (ل. 19) باسی موکری قڕانی ئەحمەدئاغای موقەددەمی مەراغەیی لە "بڵباس و مەنگوڕ"ی تێدایە.

ئەو ناوانەی وا من ئاماژەم پێدان کەسانێک بوون کە خۆم پێویستم بە ژیننامەیان بووە و لە کتێبەکەدا دۆزیومنەتەوە بەڵام دڵنیام گەڕانی وورد دەتوانێت گەلێک ناو و ژیننامەی دیکەی پەیوەندیدار بە ناوچەکەی تێدا بدۆزێتەوە. بۆ ئەم کارە پێرستی کۆتایی بەرگەکانیش دەتوانێت بە کەڵک بێت. ناوەکان بە گوێرەی ناوی یەکەم دەست نیشان کراون بۆ نموونە: موقەددەمی مەراغەیی دەبێ لە ئەحمەد دا بدۆزرێتەوە و...هتد.

*مهدی بامداد، "شرح حال رجال ایران در قرن 12 و 13 و 14"، کتابفروشی زوار، تهران، جلد اول، چاپ چهارم 1371 [1992]، 595 صفحه، فارسی. جلد ششم، چاپ چهارم، 1371 [1992]، 296 صفحه + فهرست و عکسها، فارسی*